مەراسیمی چەکدادانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی پێکرد



ئەمرۆ هەینی، پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) ڕۆژەسمی هادەستکردنی چەکەکانی لە پارێزگای سلێمانی دەستیپێکرد، ئەمەش دوای دوو مانگ لە هاگیاندنی کۆتایی هاتنی چوار دەیە شەڕی چەکداری شەڤانانی کورد دژی دەوڵەتی تورکیا.

بە پرسەکە بە قەناغ بە قەناغ بەڕێوەدەچێت، کەمەک ئەندامی حزبەکە سەرەتا چەکەکانیان "بەشۆڕیکی ڕەمزی" دادەنێن،و پرسەی داماڵینی چەک لە ماوەی چەند مانگێکدا تەواو دەبێت و پێشبینی دەکرێت تا مانگی ئەیلولی داهاتوو تەواو بێت.

ئەم هەنگاوە دوابەدوای بەیارەکەی پارتەکە دێت لە 12ی ئایاردا بە هەڵوەشاندنەوەی فەرمی خۆی و دانانی چەک، ئەمەش لە وەڵامی بانگەوازی ئۆجەلان لە27ی شوباتدا بۆ ئەوەی گەریلاکان کۆتایی بە چالاکیی چەکداری بهێنن.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) ، کە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەلایەن عەبدوڵا ئۆجەلانەوە دامەزرا، لە 12 ی ئایاردا هەڵوەشاندنەوە و چەکدانانی خۆی ڕاگەیاند و کۆتایی بە ململانێیەک هێنا کە لە مێژە پێیوەندیەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی تورکیا و کورد و وڵاتانی دراوسێی ئاڵۆز کردبوو.

